# دەستنیشانکردنی سنووری
# هەرێمی کوردستانی عێراق



د. جەزا تۆفیق تالیب

٢٠٠٥- سلێمانی

کتێبخانەی (PDF)

# دەستنیشانکردنی سنووری

# هەرێمی کوردستانی عێراق



د. جەزا تۆفیق تالیب

٢٠٠٥

- دەستنیشانکردنی سنووری هەرێمی کوردستانی عێراق
- نوسینی :- د. جەزا تۆفیق تالیب
- کۆمپیتەر :- ڕۆژان فەرەیدون عبدالرحمن
- نەخشەسازی :- بەرزان ئەحمەد
- ژمارەی سپاردن :-( ٤٧٨ ) وەزارەتی ڕۆشنبیری
- تیراژ :- ١٠٠٠
- چاپ :- چاپخانەی گەنج

# پێشەکی

لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ وە زۆر جار باس لە چارەنووسی کورد و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی عێراق و جۆری ئەو پەیوەندییەی کە هەرێمی کوردستان دەبەستێتەوە بە عێراقەوە دەکرێت . ئەوە بوو پەرلەمان جۆری پەیوەندی هەرێمی بە ناوەند لە شێوازی عێراقێکی فیدراڵیدا دەستنیشان کرد . بەو پێیەی کە هەرێمی کوردستان، هەرێمێکی ئەو عێراقە فیدراڵییەیە .

لێرەدا پرسیارێک دێتە گۆڕێ ئایا ئەو هەرێمەی باسی دەکەین "هەرێمی کوردستان" سنوورەکەی کامەیە ؟ لە کوێوە دەست پێدەکات و لە کوێ کۆتایی دێت ؟ هەروەها ئێمە زاراوەی "هەرێم" مان داوەتە پاڵ کوردستان مانای چییە ؟ ئایا

کوردستان لە ڕووی جوگرافییەوە خەسلەتەکانی "هەرێمێکی جوگرافی" تێدا بەدی دەکرێت ؟

ئەم نوسینە هەوڵدانێکە بۆ دەستنیشانکردنی هەرێمی کوردستان ، بە پشت بەستن بە ڕاوبۆچوونی جیاواز لە یەکتری ، هەروەها دەمەوێت ئاماژەش بەوە بکەم ئەم هەوڵە ساکارەی ئێمە بەشێکە لە کێشەیەکی گرنگ ، کە قسە و باس و لێکۆڵینەوەی زۆر زیاتر هەڵدەگرێت .

یەکلایی کردنەوەی مەسەلەی دەستنیشانکردنی سنووری هەرێم سەرباری توێژینەوەی ئەکادیمی بڕیاری سیاسیشی دەوێت، هیوادارم ئەم هەوڵە سەرەتایەك بێت بۆ هەوڵی تر .

د.جەزا توفیق تالیب

سلێمانی ٢٠٠٥

# دەستنیشانکردنی سنووری هەرێمی کوردستانی عێراق

# دەستنیشانکردنی سنووری هەرێمی کوردستانی عێراق

بەرلەوەی دەست بە دەستنیشانکردنی سنووری هەرێمی کوردستانی عێراق بکەین ، دەبێ مانای ئەم دەستەواژانە ڕوونبکەینەوە :

١- هەرێم .

٢- کوردستان .

٣- عێراق .

## ١ - هەرێم :-

لێكۆڵیاران لەسەر یەك پێناس دەربارەی واژەی هەرێم یەك دەنگ نین ، تەنانەت لە بواری لێكۆڵینەوە جوگرافیەكانیشدا جوگرافیناسان لەم ڕووەوە یەك ڕایان نییە ، بەلام ئەمە ڕێگر نییە لەبەردەم دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش لە نێو پێناسەكاندا .

١

هەرێم بە گوتەی (N.M.Fenne Mon) (ڕووپێوێكی زەویە كە ڕوخساری بەشە جیاجیاكانی لێك دەچێ و لە هەمان كاتیشدا لە هەرێمە دراوسێكانی جیایە )[1] . هەروەها R.D.Mckenzi پێی وایە هەرێم (یەكەیەكی جوگرافییە كە چالاكیە كۆمەلایەتی و ئابوورییەكانی دانیشتوانەكەی لە دەوری یەك

کوانووی ناوەندی ئابوری و کارگێڕی دەخولێتەوە )[٢]

٢) هربرتسۆن لەم بارەیەوە لەو بڕوایەدایە کە ( هەرێم تێکەڵەی چەند توخمێکە وەك زەوی ، ئاو ، هەوا، ڕووەك و مرۆڤ .سەرجەمی هەموو ئەمانە و پەیوەندی هەر توخمێك بە توخمەکانی ترەوە بەشێکی دیاریکراوی ڕووی زەوی پێکدێنێت کە خاسیەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە )[٣].

٣) هەرێم لەبارەی سەرنجی دکتۆر عەلی شەلەشەوە ( زاراوەیەکە جوگرافیناسان بۆ گوزارشت کردن لە بەشێکی ڕووی زەوی بەکاری دێنن ئەو ڕووی زەوییەش لە ناوەوە هەندێك ڕووخسار و تایبەتمەندی ڕوونی خۆی هەیە کەلە بەشە دراوسێکانی تری جیادەکاتەوە )[٤]

بەهەمان پێوەدانگ R.Splatt دەڵێ ( هەرێم رووبەرێکی زەویە مەداکەی لەسەر بناغەی هەماهەنگیی نێوان سروشتی زەوی و چالاکی دانیشتوان دەردەکەوێت )[٥].

سەرەڕای جیاوازی نێوان پێناسەکان ، بەلاَم خاڵی هاوبەشیان تێدایە . لەو پێنج پێناسەیە دەچینە سەرئەو ڕایەی کە هەرێم یەکەیەکی ڕووپێوە کە دیاردەیەك یان چەند دیاردەیەکی جوگرافیایی تێدابەدی دەکرێت کەوای لێدەکەن ئەندازەیەکی دیاریکراوی هەماهەنگی تێدا دەرکەوێت لە ئەنجامدا ئەمانە ڕووالەتێکی جیا لە ڕواڵەتەکانی ناوچە دراوسێکانی پێدەبەخشن .

## ٢- كوردستان

زاراوەی کوردستان لە دوو برگە پێکدێ یەکەمیان (کورد) کە بەو گروپە مرۆییە دەوترێت کە مەرجەکانی یەك نەتەوەی تێدا بەدی دەکرێت، واتە زمانی هاوبەش ، مێژووی هاوبەش و خاکی هاوبەش، دووەمیشیان (ستان). کە پاشگرێکە لە هەموو زمانە هندۆئێرانیەکاندا بەمانای ولآت یان نیشتمان دێت . لەم بارەیەوە فوئاد حەمەخورشید دەڵێ (کوردستان ولآتی کوردان هەم زاراوەیەکی جوگرافییە و هەم نەتەوەیی، ولآتی کوردە وەك گروپێکی مرۆیی جیا لەبەر بانگی مێژووەوە )[٦] .

مونزر موسلی دەڵێ (گوزارەی کوردستان وەك زاراوەیەکی جوگرافی و زمانەوانی، بەو خاکە دەوترێت کە خۆی لەخۆیدا نیشتمانی گەلێکی دیاری

كراوه كه‌له دێر زه‌مانه‌وه تێیدا نیشته‌جێیه [٧]

(١) جه‌لال تاڵه‌بانی ده‌ڵێ (كوردستان ئه‌و وڵاته‌یه كه كوردی تێدا نیشته‌جێیه و شانبه‌شانیشیان چه‌ند كه‌مینه‌یه‌كی نه‌ته‌وه‌یی هه‌یه) [٨]. (٢) به بۆچوونی ئه‌دمۆنس زاراوه‌ی كوردستان ئه‌و خاكه ده‌گرێته‌وه كه كورد وه‌ك گروپێكی هۆمۆجین تێیدا نیشته‌جێیه [٩].

مێژوو نوسی كورد محه‌مه‌د ئه‌مین زه‌كی له‌م رووه‌وه نوسیویه‌تی بۆ تێگه‌یشتنی مانای راسته‌قینه‌ی واژه‌ی كوردستان ده‌بێت له‌و پارێزگاو وڵاتانه بكۆڵینه‌وه كه كوردیان تێدا نیشته‌جێیه و كورد پێی ده‌ڵێ كوردستان) [١٠].

(٣) به بۆچوونی مینۆرسكی وشه‌ی كوردستان به

مانا باوەکەی بەو خاکە دەوترێت کە کورد تیایدا دەژی (١١).

٤) ئەنسکلۆپیدیای ئیسلامیش تێیدا هاتووە کە واژەی کوردستان بەو نیشتمانە دەوترێت کە کوردی تێدا نیشتەجێ بوە و تا ئێستاش تێیدا نیشتەجێیە (١٢).

فانق سامەرانی دەڵێ : کوردستان بەمانا فراوانەکەی ئەو ولاتەیە کە کورد وەك گروپێکی یەکگرتووی هۆمۆجین تێیدا نیشتەجێیە (١٣).

* زاراوەی کوردستان بۆ یەکەم جار لە مێژوودا بۆ ناوەڕاستی سەدەی شەشەمی کۆچی ( سەدەی دوانزەهەمی زاینی ) دەگەڕێتەوە ، کاتێك سوڵتان سەنجەری سەلجوقی لە ساڵی ١١٥٩ ی زاینی دا ناوچە کوردنشینەکانی هەرێمی چیاکانی

لەناوچەکانی دی دابڕی و بەناوی کوردستانەوە هەرێمێکی تازەی لێ پێکهێناو سوڵتان سەلیمی برازای خۆی کردە فەرمانڕەوای ئەو هەرێمە. هەرێمەکە لەم شانزە ویلایەتە پێکهاتبوو: ئالانی، ئەلیشتاد، بەهار خەفیان، دەربەندی تاج خاتوون، داربیل، یەزبیل، دەینەوەر، سوڵتان، شارەزوور، کرماشان، کەرەند، خۆشان، کەنگاوەر، ماهی دەشت، ئەستام و تاق بێستوون[١٤].

*دەبێ ئەوەش بزانرێت کە گەڕیدەی ئیتاڵی مارکۆپۆلۆ (١٢٥٤-١٣٢٣) پێش حەمدوڵای قەزوینی زاراوەی کوردستانی بەکارهێناوە، بەڵام ئەو بە شێوەی (کاردستان) نەك (کوردستان) بەکاری هێناوە[١٥].

⑥ ئیبن حەوقەل یەکەم جوگرافیناسی

موسوڵمانە کەلە نەخشە جوگرافییەکەیدا بە شێوەی (گەرمیان و کوێستانی کوردان) [١٦] . ئاماژەی بۆ هەرێمی چیاکان کردبێت دوای ئەو مەحمود غەشقیری لە ساڵی ١٠٧٦ دا لەسەر نەخشەکەیدا، لەو شوێنەی کوردستان پێکدێنێ، (خاکی کوردان)ی نووسی [١٧].

وەك دەردەکەوێت زاراوەی کوردستان بەو مانایە دێت کە ئەو وڵاتە خاکی کوردانە ، واتە هەم زاراوەیەکی جوگرافییە و هەم نەتەوەیی ، ئەمەش مانایئەوە ناگەیەنێت کە نیشتەجێ بووی ئەو وڵاتە هەردەبێ کوردبێ چونکە جگە لە کورد کەمینەی تریش هەیە .

## ٢- عێراق :-

لیکۆڵیاران لەسەر ڕەگ و ڕیشەی وشەی عێراق بیروباوەڕی جیاوازیان هەیە . لەم ڕووەوە فەیروزئابادی بەرامبەر بە وشەی عێراق ووتویەتی (ولآتیکە لەباری درێژیدا لە ئابادانەوە تا موسلە و لە باری پانیدا لە قادسیەوە تا حلوانە و بۆیە پێی دەگوترێت عێراق چونکە دارخورما و دار و درەختەکەی لە دوورەوە ڕەش دەچێتەوە )[١٨] .

ماوەردی پێی وایە عێراق ئەو ناوەی لێنراوە (چونکە خاکەکەی ڕاستایی و بێ چیاودۆڵە ). ولآتیکە بە درێژی لە حەدیسەی موسلەوە تا ئابادانە و بە پانی لە ڕۆژاوای قادسیەوە تا حلوانە )[١٩].

فەراهیدی لەم ڕووەوە دەڵێت ( عێراق لێواری دەریایە ). بۆیە پێی دەڵێن عێراق چونکە بە باری درێژی کەوتووەتە سەر کەناری دیجلە و فورات و دەچێتەوە سەر دەریا (٢٠). پاپا ئەنستاس کەرملی وای بۆ دەچێت کە ڕیشەی وشەی عێراق دەچێتەوە سەر ( ئێراه )ی فارسی واتە کەنار ، دواتر لە تەعریبدا بۆتە ئێران ئینجا عێراق (٢١). بەڵام رۆژهەلاتناس هرتسفیلد لەو بڕوایەدایە کە وشەکە دەچێتەوە سەر ( ئیراك ) واتە لێژی یان باشور و دواتر لە تەعریبدا بۆتە عێراق و ماناکەی وڵاتی ژێری یان باشور دەگەیەنێت (٢٢).

دەبێ ئەوەش بگوترێت کە عێراق بە چەمکە تازەکەی لە سنووری باکوردا هەرگیز لە هیت - تکریت واتە هەرگیز لە زنجیرەی حەمرین

تێنە پەڕیوە[٢٣] دوابەدوای یەکەم جەنگی جیهانی بەشێکی کوردستان بە پێی بڕیاری ١٦ی کانونی یەکەمی ١٩٢٥ ی کۆمەڵەی گەلان[٢٤] خرایە پاڵ عێراقەوە ، ئەویش لەسەر داوای عێراق و بە ڕەزامەندی بەریتانیا لە سۆنگەی بەرژەوەندییە پەترۆڵییەکانی لە ناوچەکەدا و بە هۆی چەند فاکتەرێکی کۆلۆنیالی دیکەوە[٢٥] .

بەم پێیە واژەی کوردستانی عێراق دوای کۆتایی یەکەم جەنگی جیهان و دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢١ دا پەیدا بووە ، ئەویش ئەو بەشەی کوردستان دەگرێتەوە کە بە عێراقەوە لکێنراوە و سنورەکەشی بەم جۆرەیە کەلە خوارەوە باسی دەکەین .

# سنووری هەرێمی کوردستانی عێراق

لەمەڕ ئاماژە بەوە کرا کە هەرێمی کوردستانی عێراق ئەوبەشەی کوردستانە کە بەشێکی دەوڵەتی عێراق پێکدێنێ و لە ساڵی ١٩٢٥ەوە پێوەی لکێنراوە ، لەبەر ئەوە دیاری کردنی سنووری خۆرهەڵات و باکور و باکوری خۆرئاوای ئەو هەرێمە کارێکی ئاسانە چونکە ئەو سنورە لەگەڵ سنووری نێو دەوڵەتی عێراق لەگەڵ ئێران وتورکیا و سوریا ڕێکدەکەوێت ، بەڵام ئەوەی سەخت و دژوارە سنووری باشور و باشوری ڕۆژاوایە ، ئەویش لەبەر ئەم هۆیانە :-

١- بیروڕای جیاواز سەبارەت بە هەندێک گروپی ئیتنۆگرافی کورد وەك (ئیزدی، شەبەك و هی تر) کە حکومەتە یەك

لەدوای یەکەکانی عێراق و هەندێک توێژەرەوە لە سۆنگەی هۆی سیاییەوە بە کوردیان نازانن.

٢- دابەشکردنی کوردستان لە ساڵی ١٩٢٥ بە پێی پەیمانی لۆزان و پێشکەشکردنی ویلایەتی موسڵ بە عێراق نەیهێشت قەوارەیەکی سەربەخۆ لە کوردستانی گەورەدا یان لە کوردستانی عێراقدا پێکبێت.

٣- هەڵوێستی حکومەتەکانی عێراق کە بەهۆی تەعریب و ڕاگواستن و دەرکردنەوە هەوڵیانداوە پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق بگۆڕن. ئەم شاڵاوەش لە دەیەکانی ئەم دوواییەدا زۆر پەرەی سەند و گەیشتە

ڕادەی ڕاگواستنی کورد لە ناوچەکانیان بە
تایبەتی لە پارێزگاکانی کەرکوک و
نەینەوا و دیالە کەلە ئاکامدا ئەم کارە بۆ
دیاریکردنی سنووری باشور و باشوری
ڕۆژاوای هەرێم دژوارییەکی زۆری
لێکەوتەوە .

٤- شێواوی و شێپرزەیی سەرژمێرییە
ڕەسمییەکانی عێراق بەتایبەتی لە بواری
پێکهاتەی نەتەوەیی و زمانەوانی و
ئاینیدا، لە هەوڵێکدا بۆ کەمکردنەوەی
ژمارەی دانیشتوانی کورد و بچووک
کردنەوەی ڕۆڵی سیاسی و شارستانییان .
ئەمەش وایکردووە ئەو سەرژمێرییانە زۆر
جێی باوەڕ و متمانە نەبن.[(٢٦)]

لەبەر ئەوە وەکو وتمان دیاریکردنی

سنووری باشورو باشوری ڕۆژاوای هەرێمی کوردستانی عێراق کارێکی ئاسان نابێت بەڵکو زیاتر پشت بە مەزەندەکاری دەبەستێت و گوزارشت لە ڕای لێکۆڵکار دەکات ، ئەویش بە پێی ئەو ڕێسا و بنەما و پێوەرانەی کە هانایان بۆ دەبا . ئەمەش هەندێ لەو ڕاوبۆچوونانەیە لەم بارەیەوە کە دەکرێت بەم شێوەیە پۆلێن بکرێن :

١- ڕای ڕۆژهەڵاتناسان و لێکۆڵیارە بیانییەکان .
٢- ڕای لێکۆڵیارانی عەرەب .
٣- ڕای لێکۆڵیارانی کورد .

## ١- ڕای ڕۆژهەلاتناسان و لێکۆڵیارە بیانییەکان

(١) ئەدمۆنس دەربارەی کوردستانی عێراق وتوویەتی (سنووری باشور بە درێژایی دامێنی چیاکانە تا لێواری رووباری دیجلە ، پاشان هاوتەریب لەگەڵ ڕێڕەوی ڕووبارەکەدا دادەکشێت و زۆریشی لێی دوور ناکەوێتەوە تا دەگاتە چیای حەمرین لەوێوە بەرەو خاڵێکی سەر سنووری عێراق- ئێران تا نزیک شارۆچکەی مەندەلی دەکشێت )[٢٧]

(٢) مینۆرسکی پێی وایە سنووری هەرێمی کوردستانی عێراق لە باشوردا دەگاتە بەشی باکوری دەشتی میسۆپۆتامیا [redacted] لە کاتێکدا م.لیخۆتین پێی وایە کە کورد گەلێکە لە ناوچە شاخاوییەکاندا

دەڕێ و سنووری کوردستانی عێراقیش بە تەنیشت دەشتە لماوییە درێژبوەکانی هەردوو ڕوباری دیجلە و فوراتە لە باشووردا[29]. هەر لەم سەروبەندەشدا دەبلیو ئار هی دەڵێت (بەگشتی هەموو زەوییەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە و باکوری خەتی نێوان مەندەلی و ڕێژگەی زێی بچوک نیشتمانی کورد پێکدێنن و لەم ڕووەوە گرنگترین دوو مەڵبەندی خوارووی زێی بچوک کەرکوک و سلێمانیە)[30]

بەم پێودانگە ملنگن لە ساڵی ١٨٧٠دا سنووری هەرێمی کوردستانی عێراقی لە باشوری ڕۆژاوادا بەم جۆرە دیاری کردووە. کە زنجیرەی چیای حەمرین و ڕووباری دیجلە دەگرێتەوە و نەوەشی خستۆتە پاڵ کەلەم بەشەدا کورد تێکەلاوی لەگەڵ تورك و عەرەبدا پەیدا کردوە. خێلە کۆچەرییە کوردەکان بە تەنیشت لێوارەکانی بەرامبەر ڕووباری دیجلە لە

باكوری چیای حەمرین دا هەن . ملنگن دەڵێت ڕەنگە ئەم سنورکێشانە بۆ جوگرافیناسەکان مایەی سەرسامی بێت و بەدڵی سوڵتان و وەزیرەکانی نەبێت و ڕەنگە جێی نارەزایی هەندێك کەسیش بێت کە حەز ناکەن کورد لەو سنورەدا هەبێت بەڵام من دەڵێم بەڵێ سنووری ڕۆژاوای کوردستان زنجیرە چیای حەمرینە کە هاوسێی دەشتی بەغدا و دەشتی دیجلەیە (٢١) .

(٧) سالی ١٩٢٤ کاتێك کۆمەڵەی گەلان لە مەسەلەی سنووری نێوان تورکیا و عێراقی کۆڵییەوە ساغی کردەوە کە زنجیرە چیای حەمرین سنووری سروشتی کوردستانە لە باشوری ڕۆژاوادا و لە ڕوی جوگرافیشەوە سنورێکە لە نێوان چەندین دیاردەی مرۆیی و جوگرافی و سروشتی) ئەم تایبەتمەندیە جوگرافییانەی لە نێوان ڕۆژهەلاتی حەمرین

( کوردستـــان ) و ڕۆژاوایـــدا ( میسۆپۆتامیا )هەیـــە ، 
میـــژووی ململانێـــی نێـــوان دانیـــشتوانی شـــاخ و 
دانیـــشتوانی دەشـــتەکانی دیـــاریکردووە ، هـــەروەکو 
ڕێـــچکەی گۆڕینـــەوەی بازرگـــانی نێـــوان هـــەردوو 
هەرێمیشی دەستنیشان کـردووە ، ئەمەش ڕێگـر نیـە 
لەبـەردەم ئـەوەی کەلـە ناوچـەکانی سنوردا بـەهۆی 
هاوســـێتی جـــوگرافی و گۆڕینـــەوەی بازرگـــانی و 
لـەوەرگای هاوبەشـی نێـوان کـورد و عـەرەب هەنـدێ 
تێکەلاوی ئیتنۆگرافی پەیدا ببێت (٣٢).

## ب- ڕای لێکۆڵیاره عەرەبەکان

پێویسته بایەخ بە ڕای لێکۆڵیارانی عەرەب بدەین بە تایبەتی ئەکادیمیەکانیان چونکە بیروڕایان زۆر زانیاری و بەڵگە و ئاماژەی مێژوویی و جوگرافیایی سەبارەت بە دیاری کردنی سنووری هەرێمی کوردستانی عێراق تێدایه ، بەتایبەتی لە بەشی باشوری ڕۆژاوادا .

دکتۆر شاکر خەسباك لە ڕوتی دیاری کردنی سنووری کوردستانی گەورەدا نوسیویەتی کە کوردستان ( لە مەندەلییەوە دەست پێدەکات و بە ڕۆژاوای خانەقیندا تا گردەکانی حەمرین و تا زنجیرەی یەکەمی چیاکانی شێخان دەڕوات ، لە وێوە بەرەو باکوری ڕۆژاوا وەردەچەرخێت ، بە درێژایی بناری گردەکان دەڕوا تا دەگاتە فیشخاپور لەسەر

ڕووباری دیجلە و لە ڕۆژاوادا بەرەو چیای شەنگار لە نزیک جەرابلس لەسەر ڕووباری فورات کۆتایی دێت(٢٣).

لە شوێنێکی تردا دکتۆر خەسباک دەڵێت کوردستانی عێراق لە چوار لیواکەی موسڵ، هەولێر، سلێمانی و کەرکوک پێکدێ و لەلیوای دیالە هەردوو ناوچەی خانەقین(١) و مەندەلی دەگرێتەوە ئەم لیوایانەش بەشی باکوری ڕۆژهەلاتی عێراق پێکدێنن.(٢٤)

(١) دکتۆر ئیبراهیم شەریف دەڵێ ( پشتێنی سەربازگە تورکییەکان کە تورکە سەلجوقییەکان یان تورکە عەسمانییەکان دروستیان کردون ناوچە عەرەب نشینەکان لە ناوچە کوردنشینەکان جودا دەکاتەوە. ئەم پشتێنە لە ناوچەی مەندەلییەوە دەست پێدەکات

و بەخانەقین ، قزلبات ، قەرەتەپە، کفری، دووز، کەرکوک، پردێ، هەولێر، موسڵدا تێدەپەڕێت تا دەگاتە تەلەعفەر)[25].

دکتۆر فازل حسێن لە ڕەوتی باسکردنی عێراق و هەرێمی کوردستاندا دەڵێ (کۆمسیۆنەکە چووە سەر ژمارەیەکی زۆری نەخشە عەرەبیەکان و سەدان نەخشەی دێرینی نێوان سەدەی شانزەهەم و بیستەم و سەفەرنامەکانی هەموو قۆناغەکان و سەرچاوە جوگرافییەکان و کتێبە جوگرافییەکانی خوێندنگە ناوەندییە عەرەبیەکانی میسر ، لە ئەنجامدا چووە سەر ئەو باوەڕەی کە سێ ناوچەی دیار هەیە :-

١-عێراقی عەرەب نشین ٢- جزیرە ٣- کوردستان. عێراق لە باکوردا لە هیت، یان تکریت یان لە ناوچەی چیای حەمرین تێپەڕنابێت . هیچ بەشێکی خاکی جێی مشتومڕ هیچ کاتێک بەشێک نەبووە لە

عێراقی عەرەب نشین . کۆمسیۆنەکە ساغی کردەوە کەلە هەموو نەدەبیاتی جوگرافیادا ، لە سەردەمی فەتحی عەرەبەوە تامێژووی لێکۆڵینەوەی کۆمسیۆنەکە ( واتە ١٩٢٥ ) خاکی جێی مشتومڕ بە هیچ شێوەیەك بە بەشێك لە عێراق دانەنراوە (٢٦).

عبدالرزاق حەسەنیش دەڵێت ( کورد لەو شار و گوندانە نیشتەجێیە کەلە سنووری عێراق – نێرانەوە بە خەتێکی ڕێك دەست پێدەکات تا دەگاتە چیای حەمرین و دواتر دەگاتە چیای شەنگار تا سەر سنووری عێراق – سوریا ) (٢٧) کازم حەیدەر پێی وایە کە کورد لە خاکێکی بەریندا نیشتەجێیە کەلە نزیك بەغداوە لەلای شارۆچکەی مەندەلییەوە دەست پێدەکات و بە درێژایی سنووری عێراق بەرەو باکور هەڵدەکشێت (٢٨).

لەم بارەیەوە فائق سامەڕائی نوسیویەتی

چیای حەمرین کە دەیان میل لە باشوری کەرکوکەوەیە سنووری خواروی کوردستان پێکدێنێ) دواتر ئەمە زیاتر ڕوون دەکاتەوە و دەڵێ لە باشوری ڕۆژاوادا سنورەکە بە تەنیشت گردەکانەوەتاسەر ڕوباری دیجلە دەڕوا ، پاشان بەرەو ڕۆژهەلاتی ڕوبارەکە دەچێ و بەرەو خوار دادەکشێ ، دواتر لەگەڵ گردەکانی حەمریندا ڕوو دەکاتە باشور تا دەگاتە مەندەلی لەسەر سنووری عێراق – ئێران )[٣٩].

( شایستەی باسکردنە کە مێژوونوس ئیبن خەلدون (کۆچکردووی ساڵی ٨٠٨ك[redacted]شەسەد ساڵ لەمەوپێش چیای حەمرینی (کە ئەوسا ناوی چیای بارما بوو ) بە چیای کورد ناوزەند کردووە[٤٠]. ئەمەش بەلگەی ئەوەیە کە لەو سەردەمەدا کورد لە دامێنی چیاکەدا نیشتەجێ بووە .)

## ج- ڕای کورد

بیروڕای کورد لەم بارەیەوە جیاوازی هەیە، هەندێ لەو بیروڕایانە تا ڕادەیەك کۆنن و هەندێکی نوێن و ئەوانەی بیروڕایان دەربڕیوە، ئەدیب، مێژوونوس، جوگرافیناس و سیاسین .

(١) عەلادین سەجادی لە ڕەوتی باسکردنی سنووری کوردستانی گەورەدا پێی وایە کوردستانی باشور لە لیواکانی سلێمانی ،کەرکوك ، هەولێر و موسڵ لەگەڵ قەزاکانی خانەقین و مەندەلی و بەدرە پێکدێ (٤١) . ئەم دیاری کردنەی سنوریش گشتییە و ڕوخسارەکانی ڕوون نین

مامۆستا محمد ئەمین زەکی بەگ بە پشت بەستن بە نەخشەی خێڵەکانی سێر مارك سایکس و

نەخـــشە ئیتنۆگرافییەکـەی مێجـــەر لۆنگریـــك و نەخشەی کۆمیسیۆنی کۆمەڵەی گەلان و نەخشەیەکی نهێنـــی ســـاڵی ١٩١٢ی ئینگلیـــز و زانیاریـــەکانی ئینـــسکلۆپیدیای ئیـــسلامی ،نەخـــشەیەکی بـــۆ کوردســـتانی گـەورە دانـــا . لـەو نەخشەیەدا زەکـــی ئاماژە بۆ سنووری کوردستانی عێـراق دەکـات کەلـە مەندەلییـــەوە دەســـت پێـــدەکات و خانـــەقینیش دەگرێتـــەوە ،بەتەنیـــشت زنجـــیرە چـــیاکانی حەمرینـــەوە بـەرەو بـاکور هەڵدەکشێت ،ڕۆژهـەلاتی ڕوبـاری دیجلـە دەگرێتـەوە تـا دەوروبـەری بـاکوری شـاری موسڵ ، لـەوێوە ڕوودەکاتـە باشوری شنگار و خەتەکە لـە نزیـك سنووری عێـراق -- سوریا دوایـی دێت(٤٢)

له دیدی محمەد مەردۆخی کوردستانی یەوە ناوچەی کوردنشین بریتییە له : ناوچەکانی هەردوو لیوای سلێمانی و هەولێر )ناوچەکانی ئامێدی، ئاکرێ، شنگار، شێخان و زاخۆ، دهۆك، بالیان، هیزل، ئادیابین(له لیوای موسڵ ، ناوچەکانی ئەبوسەبره ،خانەقین ، شارەبان، قەزانیان ، قۆرەتوو، مەندەلی له لیوای دیاله، ناوچەکانی داقوق، ئاڵتون کۆپری، کەرکوك ، دوزخورماتوو، کفری، قەرەحەسەن لیوای کەرکوك "(٣٤).

هەردوو لێکۆڵیار غ.م.ی.عەبدووڵلاً و ت. ف.ئەرستەفه هەرێمی کوردستانی عێراق بە پێی سنوری یەکە کارگێرییەکانی قەزا و پارێزگاکان بە مجۆره دیاری دەکەن کەلەم شوێنانه پێکدێت: هەموو ناحیە و قەزاکانی دهۆك، هەولێر،

سلێمانی، قەزاکانی کەرکوك، حەویجە و دوبز لە پارێزگای کەرکوك ، قەزاکانی حەمدانیە، تەلکێف، شنگار و شێخان و ئاکرێ لە پارێزگای نەینەوا، قەزاکانی خانەقین، مەندەلی و کفری لە پارێزگای دیالە و قەزای دوزخورماتو لە پارێزگای سەلاحەدین.(٤٤)

بە بۆچوونی هادی ڕەشید چاوشلی هەردوو لیوای سلێمانی و هەولێر بەدانیشتوان کوردن ، زۆربەی دانیشتوانی لیوایٚ کەرکوکیش کوردن ، بۆ لیوای موسلیش بێجگە لە شاری موسڵ و قەزای حەزمرو حەمام عەلیل و هەندێ گوندی نزیك شار و ناوەندی قەزای تەلەعفەر، زۆربەی گوندەکانی قەزای تەلەعفەر و هەموو دانیشتووی قەزاکانی ئاکرێ، زاخۆ، شەنگار، شێخان، دهۆك و ئامێدی کوردن، زۆرینەی خەلکی هەردوو قەزاکەی خانەقین

و مەنـدەلی لـە لیـوای دیالـەش کـوردن ، جگـە لـە زۆرینەیەکی کورد لە هەندێ ناوچەی لیوای عیمارە (بەدرە و جەسـان ) ، هەنـدێ ئـاوایی لیواکـە لەسەر سنوری عێـراق — ئێـران ، سـەرباری کەمینەیـەکی گەورەی کورد لە پایتەختدا [٤٥] .

سالی ١٩٦٣ و ١٩٦٤ یش لیستی داواکانی کورد ئـەوەی تێـدا هـاتبوو کـە کوردسـتان لـە لیواکـانی هـەولێر و کـەرکوك، سـلێمانی، قـەزاکانی زاخـۆ، دهـۆك، ئـاکرێ، ئامێـدی، شـێخان، شـنگار، تەلەعفـەر، خانـەقین و هـەموو قـەزا و ناحیـە بەزۆرینە کوردەکـانی هـەردوو لیـوای موسڵ و دیالـە پێکـدێ ، ئـەم یەکـە کارگێڕییـەش بـە پارێزگـای کوردستان گوزارشتی لێکرابوو [٤٦].

دکتۆر ئازاد محەمەد ئەمین نەقشەبەندی پێی

وایە سنوری کوردستانی عێراق لە شاری بەدرەوە دەست پێدەکات و لەوێوە سنوری بەرەو مەندەلی و شارەبان و بەتەنیشت چیای حەمرین دەڕوا تا لە دیجلە دەپەڕێتەوە و لە ڕۆژاوای دیجلەوەبەتەنیشت چیای مەکحول و شەنگار دەڕوات تا دەگاتە سەر سنووری عێراق –سوریا [٤٧].

٣- لە دیدی کەریم زەندیشەوە چیای حەمرین سنوری کوردستان پێکدێنێت [٤٨].

لەم سەروبەندەشدا لێکۆڵیار ئەمین قادر مینە پێی وایە هەرێمی کوردستان هەموو ئەو خاکە دەگرێتەوە کەبە هێڵێکی ڕاست لە سنوری عێراق – ئێران بەرەو ڕۆژاوا دەکشێت تا دەگاتە خوارووی جەسان، لەوێوە هاوڕێک لەگەڵ سنوری عێراق – ئێران بەرەو ڕۆژاوای بەلەدروز و شارەبان (مقدادیە)

دەڕوا و لەوێشرا بەرەو چیای حەمرین هەڵدەکشێت ئینجا بەرەو باکوری ڕۆژاوا لەگەڵ زنجیرە چیای حەمریندا دەڕوا تا دەگاتە فەتحە . لە فەتحەدا لەگەڵ ڕووباری دیجلە بەرەو سەر هەڵدەکشێت ، هەموو ئەو زەویانەش دەکەوێتە ڕۆژهەلاتییەوە بەر کوردستان و هەموو ئەو زەویانەش کەلە ڕۆژاوایەتی بەر ناوچەی عەرەبی عێراق دەکەوێت . تا دەگاتە باکوری شاری موسڵ . لە باکوری موسلیشەوە ڕوو لە باشوری ڕۆژاوا دەکات و بەخوار تەلەعفەردا تێدەپەڕێت تا دەگاتە ١٠ کیلۆمەترلە باکوری شاری ( بەعاج ) ئینجا بە هێلێکی ڕاست بەرەو ڕۆژئاوا دەڕوات و لەگەڵ سنوری عێراق - سوریا یەکدەگرێتەوە (٤٩).

(٣) جەلال تالەبانی لەو بڕوایەدایە کەسنوری کوردستانی عێراق لە مەندەلییەوە دەست پێدەکات ،

بەتەنیشت چیای حەمریندا دەڕوات تا دەگاتە سەر دیجلە لەوێوە دەتوانرێت هێلێکی ڕاست ڕووە و لیوای ئەسکەندەرونە بکێشرێت (٥٠).

بەم پێیە دەردەکەوێت کە کورد هەمووی لەسەر ئەوە یەك دەنگە کە زنجیرەی حەمرین بەشێکی سنوری باشورو باشوری ڕۆژئاوای هەرێمی کوردستانی عێراق پێکدێنێت و ئەم یەك دەنگییەش بۆ لێکۆڵیاران زۆر گرنگە چونکە زادەی لێکۆڵینەوەی تێروتەسەل و زانستییە .

بە پێی ئەوەی کە پێشتر باسکرا ،دیاریکردنی سنوری هەرێمی کوردستانی عێراق، بەو جۆرەی لێی گەیشتووین، لەبەر ڕۆشنایی بیروڕاکانی پێشوو، پشت ئەستور دەبێ بە بنەماو بنچینەی مێژوویی و جوگرافی.

بەم جۆرە ، سنوری هەرێم لە باکوروڕۆژهەلات و باکوری ڕۆژاوایدا ڕوون و ئاشکرایە واتە سنورێکی سیاسی نێودەوڵەتییە لە نێوان عێراق و دراوسێکانیدا ( ئێران ، تورکیا ، سوریا ).سەبارەت بە سنوری باشوروباشوری ڕۆژاواش ، پێمان وایە زنجیرەی گردەکانی حەمرین سنوری نێوان هەرێمی کوردستانی عێراق و باقی زەمینی عێراق پێکدەهێنێت ( بە بۆچوونی ئێمە هێڵی سنور لە نزیک سنوری عێراق -ئێران لەمەندەلی دەست پێدەکا ،ڕوو دەکاتە باکوری ڕۆژئاوا تا دەگاتە مەنسوریەی جەبەل و لەوێوە بەدرێژای لێواری ڕۆژئاوای دەریاچەی حەمرین ،ئینجا شان بەشانی دامێنی باشوری زنجیرەی گردەکانی حەمرین دەڕوا تا دەگاتە لای فەتحە،لەوێوە بەرەو باکور هاوتەریب لەگەڵ ڕووباری دیجلە تا دەگاتە باکوری شاری

موسل، پاشان هێلی سنور هەردوو قەزای تەلعەفەرو شەنگار دەگرێتەوە و لەسەر سنوری عێراق سوریا کۆتای دێت بەمەش هەرێمی کوردستانی عێراق دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی ۳۲۰۷ پلە ۳۷۲۲ پلە باکورو هەردوو هێڵی درێژی ٤١٠٨ پلە ٤٦١٨ پلە ڕۆژهەلات (بڕوانە نەخشەی ژمارە یەك).

هەرێمی کوردستان زۆر خەسلەتی جوگرافیی هەیە کەلە هەرێمەکانی تری عێراقی جیا دەکەنەوە، دیارترینیان ئەمانەن:

١- لەڕووی جیولۆجییەوە ، هەرێم خوارو خێچی زۆرە کەهەندێکی ئالۆزمو هەندێکی ساکارە .

٢- لە ڕووی تۆپۆگرافیاوە هەرێم بەرزترین هەرێمەکانی عێراق پێکدێنێت نێوەندی

بەرزی کەوتووەتە نێوان ٢٠٠ مەتر لەلای زنجیرەی گردەکانی حەمرین و ٣٦٠٧ مەتر لە لوتکەی هەلگورد کە بەرزترین لوتکەیە لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا. چەند بەرەو باکور و باکوری خۆرهەلات بڕۆین بەرزییەکەی زیاد دەبێت.

٣- لە ڕووی ئاووهەواوە پلەی گەرما لە هەرێمدا لەچاو ناوچەکانی تری عێراقدا بە گشتی زستان نزمترە و هاوینیان فێنکترە .لەهاوینەهەواری سەلاحەدیندا نێوەنجی پلەی بەرزی گەرمالە مانگی کانونی دووەمدا ٦,٧ پلەی سەدی بووە، لە کاتێکدا لە بەغداو بەسرە یەك لەدوای یەك" ١٥,٨"و"١٨,٦" پلەی سەدی بووە.

سەبارەت بە باران بارینیش دەبینین نێوەنجی سالأنەی باران بارین لە پارێزگای سلێمانی ٧٠٦ملم بووە ، لە کاتێکدا هی بەغدا و بەسرە یەك لە دوای یەك بریتییە لە ١٤٧ و ١٤٠ ملم .)

جگە لەمە لە هەرێمدا بەفر دەبارێت بۆ نموونە لە وێستگەی تۆمارکردنی بەفر بارین لە عومەر خەیات لە نزیك حاجی ئۆمەران، لە سالی ١٩٥٧ دا ٨٨ ئینچ بەفر بارییوە و لە سالی ١٩٥٨ گەیشتۆتە ١٥٠ ئینچ ، لە کاتێکدا دیاردەی بەفربارین لە ناوەڕاست و باشوری عێراقدا بەدەگمەن ڕوودەدات. بۆیە دەکرێت بوترێت لە کاتێکدا هەرێم ئاووهەوای ستێپی هەیە ( واتە نیمچە ووشکە ) بەشەکانی دیکەی


عێراق ( ناوەڕاست و باشور ) ناووهەوای بیابانیان هەیە ( واتە ووشکن ) (٥١).

٤- داهاتی ئاوو ڕوەکی خۆڕسك : هەرێم بە کانیاوو کارێزوئاوی ژێرزەوی و ئاوی سەرزەوی دەوڵەمەندە . لەمەش گرنگتر ئەوەیەکە کوردستان تاکە هەرێمە لە عێراقدا کە دیاردەی تافگەی تێدا دەبینرێت لە کاتێکدا کە دارستان و جەنگەڵی سروشتی و گژوگیای کورت و ستێپس لە کوردستاندا باوە گژوگیای بیابان لە باقی ناوچەکانی عێراقدا باوە و نزیکەی ٦٪ ی ڕووبەری عێراقی دا پۆشیوە .گرنگی ستێپس لەوەدایە کە بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵ گرنگترین ناوچە لە هەرێم و عێراقدا پێکدێنێت .

٥- لە ڕووی ئابورییەوە : هەرێم بەوەی کە پشت ئەستورە بە باران لە کشتوکاڵی زستانەدا . ناسنامەی تایبەتی هەیە و بە هەرێمی کشتوکاڵی دێمی دەژمێردرێت ، لە کاتێکدا لە شوێنەکانی تری عێراقدا کشتوکاڵی بەراو زاڵە .جگە لەوەی کە هەرێمێکی بە نەوت وداهاتی تر دەوڵەمەندە و لە ڕووی تورستیەوە توانایەکی زۆری هەیە .

٦- لە ڕووی ئیتنۆگرافییەوە : هەرێم ناسنامەیەکی تایبەتی هەیە چونکە زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردن و چەند گروپێکی ڕەگەز بچوکی وەك تورکمان و عەرەب و سریانیش لە پاڵیاندا دەژین،

لەبەرئەوە بەهەرێمێکی فرە نیتنیک و فرە ئایین دەژمێردرێت لە رووی پێکهاتەی نەتەوەیی و خەسلەتی سروشتی و ئابورییەوە جیاوازە لە ناوچەکانی تری عێراق .


هەرێمی کوردستان
سەبارەت بە عێراق
باکور
تورکیا
سوریا
ئێران
عێراق
سعودیه
کوەیت
کم ٠ ٧٥ ١٥٠ ٢٠٠ ٢٥٠

# سەرچاوەکان


(١) محمد سامى عسل، الاقليم و فكرة الاقليمية "دراسة في نظرية الجغرافيا"، المطبعة الفنية الحديثة، القاهرة، ص١٦ .

(٢) تي. دبليو فريمان، قرن من التطور الجغرافي، تعريب الدكتور شاكر خصباك، مطبعة العاني، بغداد، ١٩٧٦، ص١٨٠.

(٣) يوسف توني، معجم المصطلحات الجغرافية، دارالفكر العربي، بيروت، ص٣٨ .

(٤) علي حسين شلش ، جغرافية امريكا الشمالية الاقليمية، مطبعة جامعة البصرة،١٩٨٠، ص١١.

(٥) محمد سامى عسل ، المصدر السابق، ص ١٦.

(٦) فؤاد حمه خورشيد، الاكراد دراسة علمية موجزة، مطبعة دار الساعة، بغداد، ١٩٧٢،ص٩.

(٧) منذر الموصلي، العرب و الاكراد، دار الفضون، ط ١ بيروت، ١٩٨٦، ص٧٥ .

(٨) جلال الطالباني، كردستان و الحركة القومية الكردية، ط٢، بيروت، ١٩٧١، ص٣٨.

(9) C.J.Edmuns,Kurds,Turks And Arabs ,London ,1907, p.5

(١٠) محمد امين زكي، خلاصة تاريخ الكرد و كردستان "منذ اقدم العصور التاريخية حتى الان"، ترجمة محمد علي عوني، ط٢، مطبعة صلاح الدين، بغداد، ١٩٦١، ص ٣٨.

(١١) شاكر خصباك ،الاكراد "دراسة جغرافية اثنوغرافية ". المصدر السابق، ص٦٤.

(١٢) محمد امين زكى، المصدر السابق، ص٢٤.

(١٣) جلال الطالبانى، المصدر السابق، ص ٣٤.

(١٤) حمدالله المستوفي القزويني، نزهة القلوب

(چاپی فارسی) تاران، ١٣٦٦، شمسي (١٩٧٧)، ص٧٥.
(١٥) جمال رشيد احمد، دراسات كردية في بلاد سوبارتو، دارالافاق العربية، بغداد، ١٩٨٤، ص٨٧.
(١٦) ابن حوقل، صورة الارض، ط٢، بيروت، ١٩٧٩ ص٣٠٥.
(١٧) فەرهاد پیربال، خوێندنەوەیەکی کارتۆگرافیای کۆلۆنیالیزم لە کوردستاندا، گۆڤاری ڕابوون، ژمارە ٦، ستۆکهۆلم، ١٩٩٣، ل٦٥.
(١٨) فيروز ابادي، قاموس المحيط، المجلد الثالث، المطبعة الحسينية، القاهرة ١٣٤٤ هـ، ص٢٦٤.
(١٩) محمد بن حبيب البصري الماوردي، الاحكام السلطانية، مطبعة الوطن، القاهرة، ١٢٨٦هـ، ص١٦٤.

(٢٠) ياقوت بن عبدالله الحموي معجم البلدان، ج٤، دار الصادر، بيروت، ص٩٣.

(٢١) عبدالرزاق محمد اسود ، موسوعة العراق السياسية ، دارالعربية للموسوعات ،المجلد الاول، ط١، ١٩٨٧، ص١٦.

(٢٢) جمال بابان، اصول اسماء المدن و المواقع العراقية،مطبعة الاجيال، ج١،بغداد،١٩٨٩، ص٢٠٤.

(٢٣) فاضل حسين ،مشكلة الموصل دراسة في دبلوماسية العراقية- الانكليزية- التركية وفي الراي العام، مطبعة، اشبيلية ،بغداد ١٩٧٧، ص٧٨.

(٢٤) خالد دلێر،كيف الحقت كوردستان الجنوبية بالعراق، منشورات ديموكراسي، ١٩٩١، ص٢.

(٢٥) بڕوانە :- فاضل حسين المصدر السابق ص٣٠، هەروەها شاكر خصباك، الكرد و المسالة

الكردية، منشورات، الثقافة الجديدة، ١٩٥٩، ص٣٣.
(٢٦) د.خەليل ئيسماعيل محەمەد، دابەش بوونیجوگرافی و نەتەوەیی کورد لە عێراقدا، گۆڤاری سەنتەری، لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە ٢ ساڵی ٢، تەموزی ١٩٩٣، ل٢٥.
(٢٧) سی. جی. ادمونس ، كرد وترك و عرب و ترجمه جرجيس فتح الله، مطبعة التايمس، بغداد، ١٩٧١، ص٧.
(٢٨) ف.ف.مينورسكي،الاكراد"ملاحظات وانطباعات"ترجمة د. معروف خزندار، مطبعة النجوم، بغداد، ١٩٨٦،ص١٥.
(٢٩) ب.م.دانسيغ، الرحالةالروس في الشرق الاوسط ترجمة د. معروف خزندار، دارالرشيد للنشر،بغداد،١٩٨١، ص١٥.
(٣٠) دبليو .ار.هي ،سنتان في كوردستان ،ترجمة

فـؤاد جميـل ،ج١ ،مطبعـة الجـاحظ، ١٩٧٣، ص٥٨.

(31) Majar F.Millngin ,Wild life among the Koords, London ,1870p.p. 148-151

(32)The league of Nations ,The Frontier question betwee Turky and Iraq, p.p.56-58

(٣٣) شـاكر خـصباك ، الاكـراد ،المـصدر السابق،ص٧.

(٣٤) شـاكر خـصباك ،الكـرد والمـسالة الكرديـة، المصدرالسابق ،ص٤١ .

(٣٥) ابراهيم شريـف، الموقـع الجغـرافي للعـراق و اثره في تاريخه العام حتي الفتح الاسلامي، الجزء الاول، مطبعة، شفيق، بغداد، ص٢٥٧.

(٣٦) فاضل حسين ،المصدرالسابق ،ص٧٨.

(٣٧) عبدالرزاق حسنى ،العراق قديما وحديثا، مطبعة العرفان، بغداد، ١٩٥٥، ص ٣٣-٣٤.

(٣٨) كاظم حيدر ،الاكراد "من هم و الى اين" منشورات الفكر الحر، بيروت، ١٩٥٩، ص٨١.
(٣٩) جلال الطالباني ،المصدر السابق،ص٣٥.
(٤٠) ابـن خلـدون، مقدمـة تـاريخ ابـن خلدون، مجلد١، دار البيان، بيروت، ص٧٤.
(٤١) عـەلادين سـەجادی ،شۆڕشـەکانی کـورد و کۆمـاری عێـراق، چـاپخانەی مەعاریف، بەغداد، ١٩٥٩، ل٤٧.
(٤٢) محمد امين زكى، المصدرالسابق، ص٢٥.
(٤٣) محەمەد مەردۆخی کوردستانی، مێژوی کورد و کوردسـتان، چـاپخانەی ئەسـعەد، بەغداد، ١٩٩١، ل١٥-٣٠.
(٤٤) غـم.م.ی.عەبـدوڵا و ت.ف.ئەرستەفە، لێکۆڵینەوەیـەکی ئیتنـە دیمـوگرافی لـە کوردسـتانی خـواروودا،

وەرگێڕانی غازی ئیبراهیم یەعقوب، گۆڤاری دەروازە، ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٣، ل١٧-١٨.
(٤٥) هادی رشید الچاوشلی ،القومیة الکردیة وتراثها التاریخی ،مطبعة الارشاد، بغداد، ١٩٦٧، ص٢٧.
(٤٦) نعمان ماهر الکنعانی ،ضوء علی شمال العراق، بغداد، ١٩٦٧، ص٢٧.
(٤٧) د. ئازاد محەمەد ئەمین نەقشەبەندی، دەربارەی دەستنیشانکردنی سنوری کوردستان، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، ژمارە٢، ساڵی٣، تەمووزی ١٩٩٤، ل ٢٢.
(٤٨) کەریم زەند، میللەتی کورد، سلێمانی، ١٩٧٠، ل٢٣.
(٤٩) ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیژی عێراق وسێکوچکەی بەعسیان تەرحیل، تەعریب،

تەبعیس، چاپی دووەم، بلاوکراوەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، سلێمانی ۱۹۹۹، ل۱٤۸-۱٤۹.

(٥٠) جلال الطالبانی، المصدر السابق، ص۳۸ .

(٥١) شاكر خصباك، المسالة الكردية، المصدرالسابق، ص٥٤-٦۲ .

**************

# ترسيم حدود اقليم كوردستان العراق



د. جزا توفيق طالب

السليمانية -٢٠٠٥